

# چیرۆکی کوردی شوێنی فەرامۆشکردووە!!

## دیدارێك لەگەڵ ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل

**سازدانی: کامەران سوبحان**

**ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل... یەکێکە لە چیرۆکنووس‌و وەرگێڕە بەتواناکانی ئەدەبیاتی کوردی، ئەو جگە لە سەرقاڵی بەکاری نووسین‌و وەرگێڕانەوە، لە هەمانکاتدا خوێنەرێکی جدییەو یەکێکە لە هاوڕێ نزیکەکانی کتێب. بۆ دیداری ئەم جارەی گۆڤاری ئایندە ئەومان کردە میوان، هەروەك خۆی دەڵێت زۆر بە کەمی قسەدەکات‌و دیدارو گفتوگۆ سازدەکات، بەڵام بە سوپاسەوە ئەو دەرفەتەی بۆ ئێمە ڕەخساند بەڕاشکاوی لەسەر ئەزمونی نووسین‌و وەرگێڕان لە ئەدەبیاتی کوردیدا پێکەوە قسەبکەین، ئەمەی خوارەوە ئەو گفتوگۆو دیالۆکەی ئێمەو ئەوە لەسەر ئەو پرسانە....**

***لە سەرەتاکانی نووسینتا بە گوڕوتینێکی زۆرەوە دەستت بە بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێک بەرهەم‌و چیرۆک کرد، بەڵام ئەوەندەی ئێمە ئاگاداربین لەم ساڵانەی دواییدا وەک نووسین ئەو گڕوتینەت نەما، ئەمە پەیوەندیی بە تەمەنەوە هەیە یان پەیوەستە بە دیدو بۆچونی خۆت بۆ نووسین‌و وەزیفەی نووسین؟**

**–ئەوەی ڕاستیبێ، سەبارەت بە دیمانەو چاوپێکەوتن بۆچوونێکی خۆم هەیە، سودێکی وای تێدا نابینم‌و هیچ ئیزافەیەك ناخاتە سەر ڕەوتی ئەدەبی، هەندێ جاریش بە هەلی دەزانێ ڕق‌و کینەی کیفهەڵاتووی خۆی هەڵدەڕێژێ‌و لە بەهاو نرخی ڕەنج‌و کەسانی تر کەمدەکاتەوە، ئەوەیشی دەیڵێ لەبەر هەموو هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیدا نابینرێ.. هەر بۆیە لەم ٣٠–٣٥ ساڵەی تەمەنی**


نووسینمدا گەر بە هەڵەدا نەچووبێتم ئەمە چوارەم جارە داوایەکی وا رەتنەکەمەوە، سوپاسی ئەم بەسەرکردنەوەو رێزگرتنەتان دەکەم.

ئەگەر "گوڕوتینەکەت" بە پێزو چۆنێتیو جۆری نووسینەکانی سەرەتاکانمت مەبەستبێ، ئێستا ئەوەم لە دەست دابێ، من وای نابینم.. خۆ ئەگەر مەبەستت چەندێتی یانی کەم بڵاوکردنەوە بێ، ئەوە شتێکی کەیەو تا رادەیەکیش وایە. دیارە تەمەن – تەمەنی ئەزموون– وایدەوێ دەست لە پەلەپروزیو هەڵپەی بڵاوکردنەوە هەڵگرم، ئەمەش مانای رێزگرتنە لە خۆتو بەرهەمەکەت، نەك بە دیار چیرۆکێکەوە ماوەیەکی زۆر بمێنیتەوە، بەڵکو دەبێ تا لە رستەیەك، لە وشەیەك کە نەوەکو شایستەی ئەوێ نەبێ دڵنیا نەبی، هەقە بڵاوی نەکەیتەوە.. تۆ تا چەندە دەقی داهێنەرانەو جوانو سەرنجراکێشی نووسەرانی خۆمانو بیانی بخوێنیتەوە، تا چەند بەرهەمی کامڵو ناوازەو داهێنەرانە بخوێنیتەوە، زیاتر سڵ لە بڵاوکردنەوە دەکەیتەوە!

ئەمە مانای بڕوا بەخۆنەکردن نییە، بەڵکو بەتەنگەوەهاتنە، خۆشەویستیی وشەیە، رێز لە خۆگرتنیشە.. دواجار داهێنان کەی بەتەمەنەوە بەندە؟!.. لەلایەکی تریشەوە لێتناگرم کە ئەمەت بە خەیاڵدا هاتووە، من ئەم حاڵەتە لەنێو نووسەرانی کورددا دەبینم، تاكو تەرای لێ لادە، هەر بۆ نموونە "شێرکۆ بێکەس"ی لێدەرکە، کە تا هەنووکە بەڵکو بەگوڕترو قوڵترەو لە داهێنان نەکەوتووە، ئیتر هەر کە گەیشتنە تەمەنێك چك دەکەنو لێدەبنەوە، یا ساڵی جارێ نوزەیەکی بۆ دەکا، کەچی زۆربەی (زۆربە) نووسەرانی میللەتانو جیهان تا بچنە ناو ساڵەوە ئەزموونیان قوڵترو بەرهەمیانیش بەپێزو کۆکتر دەبێ. نابینی ئەوانەی خەڵاتی (نوبڵ)یان پێدەدرێ زیاتر بۆ بەرهەمی ساڵانی دواتەمەنیان دەستنیشان دەکرێن.. ئەوەتا یەشار کەمال تەمەنی لە دەوروبەری هەشتا ساڵیدایە لەم رۆژانە لە چاوپێکەوتنێکیدا هەواڵی نووسینی رۆمانێکی نوێی راگەیاند.. ماوەیەك لەمەوبەر "مهدی عیسی صقر"، کە یەکێکە لە رۆماننووسە باشەکانی عیراق لە تەمەنی حەفتاو پێنج ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، لە ڕۆژانی دوادوایی تەمەنیدا جوانترین رۆمانی خۆی نووسی "بیت علی نهر دجلە". بۆیە تا لە بەرهەمێکی خۆم دڵنیا نەبم پەلەی لێناکەم، ئەو چیرۆکانەش لەم دواییانەدا بڵاومکردنەوەو ئەوانەش ئامادەمکردوون بۆ چاپ بەلای خۆمەوە لە رووی هونەری چیرۆکنووسینەوە، لە رووی زەمینەوە، گۆڕانێکیان تێدایە، هەر ئەوەندەشم لەدەستدێ، کە زانیم وا نییە ئەوا رادەوەستم، بەڵام وازناهێنم..

***نووسینو وەرگێڕان دوو پرۆسەن پەیوەندییەکی بەهێزیان بەیەکەوە هەیە.. تۆ بۆ خۆت مومارەسەی هەردووکیانت کردووە، لە کامیان زیاتر چێژدەبینیت؟ حەزدەکەیت لە کامیاندا زیاتر قوڵبیتەوە؟**

–نووسینو وەرگێڕان پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە، بەڵام دوو پرۆسەی جیاوازن، هەریەکەو کەشوهەوای تایبەتیی خۆی هەیەو پێویستی بە کەرەستەو توێشو و ئامرازی تایبەت هەیە، پێویستیان بە رۆشنبیرییەکی هەمەلایەنەو قووڵو زمان هەیە.. لە پرۆسەی نووسیندا بابەتەکە زمان دیاریی دەکات لەسەر تۆ جوانکردنێتی، وشەگەلێك بەکاربهێنی لە ئاستی بابەتەکەدا بێ، بەڵام لە وەرگێڕاندا دەقەکە جۆرو چەشنی زمانەکەی بۆت دیاری کردووە، خۆت نایخوڵقێنی، بە زمانو دەربڕینێك روحی دەقەکە دەرکەوێ، لە پرۆسەی نووسیندا کێشەکە پەیوەندیی تاکە –نووسەر– لەگەڵ دەوروبەرو کۆمەڵدا کێشەی پەیوەندیو بەردەوامبوونە، گەیاندنی هەستە بەوانی تر، ئەمەش کارێکی سانا نییەو لەخۆڕا نایەتە کایەوە، پڕە لە تەگەرەو کەندوکۆسپ، رەنگە یەکێ لە ئەرکەکانی نووسین رامالینی ئەو تەگەرەو کەندو کۆسپانەبێ، کەچی لە پرۆسەی وەرگێڕاندا ئەمە لە ئارادا نییە، پێویستیت بەمە نییە. لە نووسیندا خۆتو ئەوانی تر ئاشکرا دەکەی تا شتێکی رەواتر بێتە ئاراوە، بەڵام لە وەرگێڕاندا ئەزموونی کەسێکی تر بە وشە، بە زمانێکی گونجاو بە کەسانێکی تر دەناسێنی.. هەرچەندە کە تۆ دەقێك وەردەگێڕی چەند هۆکارێك لە پشت هەڵبژاردنەکەوەیە، لە رۆحتەوە نزیکە، یان وای بۆ بچی رەنگە ئەو پەرژینانە تێك بدا، کە بوونەتە کۆسپ لە نێوان ئەو و دەرەوەدا، بەڵام هێشتا نووسین شتێکی ترە، شتێکە جیاواز لە وەرگێڕان، بۆیە ئارەزوو دەکەم



ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل

لەوێدا قوڵبیمەوە.

*بۆچوونێکی باو لەسەر وەرگێران هەیە، کە پێی وایە ئازادی لە وەرگێراندا نییەو سنوورەکانی ئازادی زۆر بەرتەسکن، ئەدیبیش لە هەموو کەس زیاتر کار بۆ بەدەستهێنانی ئازادی دەکات، تۆ تا چەند کێشەت لەگەڵ ئازادیدا هەیە، چ لە نووسیندا، چ لە وەرگێراندا؟ چونکە ئاشکرایە وەرگێران لە سەرەتاییترین ئاسیندا پەیوەستبوون و سنوورداکردنی وەرگێرانە لە بەرامبەر دەقدا..

-زۆر راوبۆچوونی جیاجیا سەبارەت بە وەرگێران وتراوە، هەر بۆچوونێکیش تەرەفداریی و لایەنگریی خۆی هەیەو بڕوایان پێیەتی و کاری پێدەکەن، بەڵام ئەوەی جێی گومان نییە، وەرگێران بەرپرسیارێتییە.. زۆری تریش وەرگێران بە خیانەت دەزانێ، خیانەتکردن لە دەقە ئۆرجیناڵەکە، هەندێکیش بە (خیانەتێکی جوان)ی دادەنێن، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا رێگایەکە بۆ گەیشتن و شارەزابوون لە کولتوورو مێژوو و شارستانیەت و داهێنانی گەلان.

ئەو سنووری ئازادییەی لە نووسیندا هەیە، لە وەرگێڕاندا نییە، هەشبێ زۆر بەری تەسکە، چونکی نووسەری دەقەکە، دەقەکەی خۆی بەری ئەو ئازادییەی لێگرتووی. جاریَ ئێمە لە بەرامبەر حاڵەتێکداین بە زمانێکی کە، مونجەزێکی رۆشنبیرییە، کە تواناو بەهرەیەك بەرهەمی هێناوەو ئەمانەتێکی لەبەردەست داناوی، بۆیە هیچ بوارێك نییە بۆ لابردنی رستەیەك یا کورتکردنەوەی، ئێمە دەبێ ئەوە بزانین کاتێ دەقێك لە زمانگەلی وەکو عەرەبی و فارسی و تورکی و فەرەنسی و ئینگلیزی-یەوە وەردەگێڕین، ئەمانە مێژوویەکی کۆنیان هەیە، خزمەتکراون، مەسافەی زەمەنی و رۆشنبیرییەکی زۆر لەنێوان زمانی ئێمەو ئەواندا دروست بووە، بوونییەو پێکهاتەو دەستەواژەو رستەکان جیاوازن، بۆیە ئیجاو وشەکان ئەو زمانانەو کوردی وەك یەك نین، زمانی کوردی زادەی کۆمەڵگایەکی کوردییە، ئەوەی لەوێدا هەیە لە کوردیدا رەنگە نەماندۆزیبێتەوە، ئەوەی لە شارستانییەکدا هەبێ، مەرج نییە لەمی تردا هەبێ، بۆ نموونە وەرگێڕی کورد چ دەکات لە ئاست ئەو وشانەی لە ماتماتیك و ئەستێرەناسی و ئامێری مۆسیقای نوێ و جبەو جبەخانەی نوێ و پیتاندنی یۆرانیۆمو تەقەمەنیی نوێدا، وەرگێڕی کورد بەرامبەریان دەستەوەستان دەوەستێ، هەروەها ناوی گوڵو رووەك و تۆنی رەنگەکان دەزانی کێشەیەکی گەورەیە بۆ وەرگێڕی کورد، کاتێ دەزانێ لە زمانێکی تردا چەند پلەی رەنگی زەرد، یا سوور، یا رەنگێکی تر هەیەو هەر پلەو ناوێکی هەیە، لە عەرەبیدا هەوڵێك لەم بابەتە دراوە، کە دوو رەنگ تێکەڵ دەبێ وشەیەکیان بۆ داناوە وەکو (أکحل)و (أصهب)و (أدهم).. لە رۆمانی (دەریا تۆرا)ی یەشار کەمال-دا نزیکەی ٤٠ جۆرە ماسیی تێدایە، من لە کوردیدا هەر دووسێ جۆر ماسی شارەزام، تۆ لە ئاست ئەم هەموو تەگەرەو کۆسپانەدا بە هیچ جۆرێ ئازاد نیت بە ئارەزووی خۆت مامەڵە لەگەڵ دەقەکەدا بکەیت، هەر سەبارەت بە مەسەلەی ئازادیی وەرگێڕ، هەروەکو چۆن شاعیرێك لە قەسیدەیەکدا هەندێ وشە بەکاردێنی، ئەو وشانە پەیوەندییان بە مەغزاو مەبەستی شیعرەکەوەیە، ناکرێ دەسکاریی بکرێ یان بە هەڵە وەربیگێڕی یا لایبەی بەهەمان چەشن وردو هونەری خۆی هەیە پەیوەستە بە شارستانییەتی ئەو میللەتەوە، کە دەقەکەی پێ نووسراوە، بۆ نموونە وشەی پێشمەرگە لە هزرو زاکیرەی کورددا مانای خۆی هەیە بیکەی بە (جندي) یا (مسلح) پێچەوانەی مەبەستەکە بەدەستەوە دەدا، بۆیە لە وەرگێڕاندا ئازادیی ئەوەت نییە (ناو)یش بگۆڕی، وەرگێڕ ئازاد نییە شێوازی نووسینی خۆی بەسەر دەقەکەدا بسەپێنێ. دەبێ پارێزگاریی شێوازی نووسینی دەقە ئۆرجیناڵەکە بکات، یان هەندێ دەڵێن: ئەوەندە جوانی وەرگێڕاوە هەر دەڵێی لە بنەڕەتدا بە کوردی نووسراوە، وەرگێڕ ئەم مافەش ناتوانێ بەخۆی بدا، بەڵکو خیانەتێکی گەورەت لە نووسەرەکەی کردووە، تایبەتمەندیی نووسینەکەیت نەپاراستووە. لە هەموو دەقێکدا کرۆکێك هەیە، ناوکێك، تۆوێك هەیە، مەبەستێکی جەوهەری، کە هەموو دەقەکە بە دەوری ئەو تەوەرەدا دەخولێتەوە. وەرگێڕ دەبێ پەی بەو نهێنییە ببات، مەبەستەکەی بدۆزێتەوەو لە وەرگێڕاندا بیپارێزێت، نەدۆزینەوەو فەرامۆشکردنی ئەو مەبەستە، دەقەکە مەبەست بەدەستەوە نادات، تۆ لێرەدا ئازاد بیت گوێی خۆت لەوە کەڕکەیت.

وەرگێڕ بەلانی کەمەوە دەبێت شتێك لە کولتوورو ئەدەبیات و نەریت و رەوشتی ئەو میللەتە بزانێ کە دەقێکی لێوەردەگێڕێ.. لەم ماوەیەدا رۆمانێکی "جەنگیز ئەیتماتۆف"م خوێندەوە، کە برای وەرگێڕ-تۆفیق عەبدول- کردوویەتی بە کوردی، باسی زمانی وەرگێڕانەکەی ناکەم، کە دەبوایە پێش چاپکردنی کوردیزانێك تەماشای بکردایە، مەبەستم ئەوەیە وەکو وەرگێڕ ئازاد نییە هەندێ ناو لە رۆمانەکەدا هاتووە دەسکاریی بکات (Sari ozek)-صاری ئۆزەك-ی کردووە بە (سارۆزیکی!). ئیتماتۆڤ کازاخستانییەو لە ماڵەوە -وەك خۆی دەڵێ- بەشێوە زارێکی تورکمانی قسان دەکەن، ئەو ناوەشی مەبەستە کە -مەرکەزی زەرد- دەگەیەنێ.

ئێمە کۆمەڵێ وەرگێڕی شارەزاو چاکمان هەیە، بەرهەمی دانسقەو جوانیان بۆ وەرگێڕاوین، لەوانە: شکور مستەفا، عەبدوڵڵای حەسەن زادە، ئازاد بەرزنجی، دلاوەر قەرەداغی، ئەحمەد تاقانە، رەئووف بێگەرد، کەریم دەشتی، دلاوەر عەبدوڵڵا، سەلاحەددینی

ئاشتی، نەجیبە ئەحمەد، عەتای نەهایی و گەلێکی تر.. کە بە خوێندنەوەی دەقەکە بۆت دەردەکەوێ پارێزگاریی ئەو تایبەتمەندییانە کراوە، دیارە وەرگێڕ سنووری ئازادیی تەسکەو ئەرکێکی قورسیشی لەسەرشانە.


***زمان یەکێکە لە شفرە بەهێزەکانی پەیوەندییکردنی نووسەر بە دەرەوەی خۆی، بە جۆرێک زۆرجار قورسیی زمان و دەوڵەمەندی ڕۆڵی هەیە لە بونیادی دروستکردن جیهانبینی و ڕوئیاوە، تۆ لە ئەزموونی نووسیندا چ جۆرە مامەڵەیەک لەگەڵ زمان دەکەیت؟**

–یەکێ لە کەرەتەسەکانی نووسین زمانە، کە نووسەر بیرو جیهانبینی و ئەزموونەکانی خۆی پێ دەردەبڕێ و دەخاتەڕوو، بەبێ زمان نە هزر هەیەو نە هەست دەردەکەوێ، کە دەبێتە پردێك بۆ گەیاندنی ویست و هەست و هزر، زمان لەلایەکی ترەوە پەیوەندییەکی پتەوی هەیە بە ئەزموون و تاقیکردنەوەکانی نووسەرەوە، کاتێك کە دەمەوێ لە چیرۆکێکدا واقیعێك دەستنیشان بکەم مرۆ هەست بە مرۆڤایەتیی خۆی بکاو ئەو هەموو کۆسپ و لەمپەرەی گەمارۆی خولیا و ئارەزووەکانی دەکات لا بدرێ و پێ بنێتە دونیایەکی ترەوە. پێویستی بە زمانێك و جۆرە دەربڕینێکە توانای گەیاندنی ئەو پەیامەی هەبێت، زمانێك یەك ڕەهەندی نەبێ، بتوانی ڕاستەوخۆ و شەفاف، بەڵام سادەو بازاڕی نەبێ، وشەکان لە ناو ڕستەکاندا لە مانا ئاشکراو باوەکەی زیاتر بڕ بکات، گرنگییشی لەوەدایە بە کەمترین ڕستە مانایەکی قوڵ و مەبەستی خۆتی پێ بپێکی. درێژدادڕی سەرەڕای ناشیرینکردنی دەقەکە لە مەبەستە سەرەکییەکەشت دوور دەخاتەوە، چونکی زۆر وتن بە جۆرێك لە جۆرەکان کار دەکاتە سەر کاریگەریی ڕووداوەکەو لە مەبەستت دوور دەخاتەوە..

***ئەو کۆمەڵە چیرۆکانەی کە لەسەرەتادا بڵاوتکردنەوە بەتایبەتی "دارەکەی بەرماڵمان، ئەسپ" جۆرێک لە تەکنیک زاڵە بەسەریاندا، شانبەشانی تەکنیک ڕووداو دەبێتە کلیلی چیرۆکەکان، بەڵام لە ئەزموونی چیرۆکنووسینتاو پاش قۆناغێکی تر، جۆرێک لە گۆڕان لای تۆ بەدی دەکەین، ئەکرێت باس لەو گۆڕانانە بکەیت، کە لە قۆناغێکەوە دەچیتە قۆناغێکی تری نووسین؟**

–ئەوەی لەگەڵ خۆیدا ڕاستگۆ نەبێ، لەگەڵ کەسانی تریشدا ناتوانێ ڕاستگۆبێ، زۆر ڕاشکاوانە دەڵێم دەسپێکی من، هەنگاوە سەرەتاییەکانی من، کەم ئەزموونی و پەلەپرووزی و ساکارییان پێوە دیارە، هەستێکی ڕۆمانسییانەی سادەو گێڕانەوەیەکی ریالستانە، ڕاپۆرت ئاسا ڕووداوەکانم دەگێڕایەوە، هێشتا شارەزای هونەری چیرۆك و تەکنیك و ڕێبازە هونەرییەکان نەبووم، ئاشنای گۆڕانکارییە فیکری و ئەدەبییەکان نەبووم، ئاگام لە تێورە ئەدەبییەکان و ڕەخنەی ئەدەبی نەبوو، من وەکو هەندێ کەس پەشیمان نیم لەوەی خۆم، چاکم کردو پڕکێشیم کرد خۆم فڕێدایە ناو دونیایەکەوە نەمتوانی لێی دەرچمە دەرەوە. لەگەڵ خوێندنەوەی هەر چیرۆکێکی جوان، شیعرێکی جوان، بەرهەمێکی بەپێز زیاتر حەزم دەکردو هەوڵم دەدا لەو قاوغە دەرچم. خۆ میراتێکی چیرۆك و ڕۆمانی کوردیش لە بەردەستدا نەبوو تا بین بەو سەرچاوانەوە بنێم، چیرۆکی پەنجاو شەستەکان و ئەولاتریش هەروا بوون... بە زۆری پەیڕەوی سەرەتاو پۆپەو کۆتایی کراوە، کات و شوێن ئاسایی و بێ ئاڵوگۆڕ تیاکردنیان و بێ شکاندنەوە ڕووداوەکانی تیایدا بەڕێوەدەچوون، ئێ لەو خوارەی کوردستانیش، لەو گەرمیانە وشك‌وبرینگ و نەگبەتە، منداڵی کورد هەر لە پێڕەوکەوە لەگەڵ زمانی دایکیدا وشەی عەرەبی و تورکمانی گوێی پڕ دەکەن و دواجار (ناچار) وا فێریان دەبێ ئەوەندەی نامێنێ کوردییەکەی لەبیرچێتەوە.. چیرۆکە بەراییەکانم ئاوابووون، بەڵام مکوڕبوونم لەسەر گۆڕان کەمی نەکرد، ئێستا دەزانم ئەو پێداگرتن و وازنەهێنانم لەو سروشتەی ئەوێوەم بەدەسهێنا.. تۆ بڕوانە، ئەو حەسارو ئازاو هەموو مەینەتییە ئەو کەشوهەوا وشك و سەختە، کە هاوین دەبێتە دۆزەخێك و دادەخرێ، زستانی زۆرجار وشك، خۆڵ و تۆزی بەردەوامی کەچی گوڵی جوانی وای لێدەڕوێت لە هیچ کوێستانێکدا نایبینی!!..

ئیتر خوێندنەوەی بەردەوام و هەڵپەو بەدواداگەڕانی بەرهەمی باشی بە عەرەبی وەرگێڕاوی نووسەرانی دیاری بیانی، ئەمجا کەشوهەوای سیاسیی سەرەتای حەفتاکان و ناسین و ئاشنایەتی پەیداکردنی کۆمەڵێ نووسەری کورد، بەتایبەتی ئەو هاوڕێیانەی سلێمانی، کە تا ئێستا شانازییان پێوە دەکەم، دەروازەی دونیایەکی دیکەیان لەپێشمدا والاکرد...باری وڵاتیش تا دەهات ئاڵۆزتر دەبوو، خۆمان لە ئاست بارێکی ترو دیدێکی ترو گەلێ پرسیارو بابەتی نوێدا دییەوە، هەستم کرد ئەدەب بە گشتی و چیرۆك بەتایبەتی وەڵامی هەندێ لەو پرسیارانە بداتەوە، جا خۆ لەو بابەتانە نزیککردنەوە بە دەربڕینێکی سادەو ساکار نایەتەدی، بۆ ئەنجامدانیشی پێویستی بە زمانێکی ترو دەربڕین و کەرەستەو ئامرازێکی جیاوازە، بە پەیڕەوکردنی شێوە نووسینی چیرۆکی پەنجاکان کارێکی بەسەرچوو و سەرنەکەوتوو بوو، لە کۆمەڵە چیرۆکی (دەستی ئۆخەی)دا هەست بە جۆرێ گۆڕانکاری دەکرێت بەرەو پێشەوە چوونێکی پێوەدیارە (بەداخەوە تا ئێستا بێجگە لەو نووسینە دوورودرێژەی زاهیر ڕۆژبەیانی لە کتێبی –چیرۆکی هونەری کوردی–دا، ڕەخنەگرێك نەهاتووە ئەمەم پێبڵێت، حەزیشم بەوە نییە خۆم باس لە چیرۆکەکانی خۆم بکەم)، بەڵام (کاك کامەران سوبحان، یەخەی گرتووم و ناچاربووم) گێڕانەوەی ڕووداوەکان، ئاڵوگۆڕکردنی جێکات، لەگەڵ هەڵبژاردنی ڕووداوەکانیشدا بەرەو پێشەوە چوونێکی لەچاو یەکەم بەرهەمدا تیادا




بەدیدەکرێت، تا زمانەکەشی کەمێ پۆشتەتر بووە، ئەمە گوڕوتینێکی تری پێبەخشیم.. لەم کاتەدا زیاترو ئاسانتر لە جاران سەرچاوە رۆشنبیرییەکانم بەردەست کەوتن بەهۆی زمانی عەرەبیو تورکییەوە، لەو کاتانەدا ئەو شەپۆلە بوونگەرایی بێهودەییو تەمومژەی کە لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە چیرۆکی عەرەبی عێراقی گرتەوە، لەگەڵ ئەواندا لای ئێمە رەنگی نەدایەوە. لە سەرەتای حەفتاکاندا تازە بەتازە، ئەوان خەریکبوون وازیان لێدەهێنا، کەچی لەلای ئێمە لەم کاتانەدا بەتایبەتی شیعر پرشی گەیشتە چیرۆکی کوردی، چیرۆکنووسانی کورد بەو کەشوهەوایە تاكو تەرایان هەوڵێکی وایان دا، بەندەش لە دوو چیرۆکدا هەوڵێکی وام داوە، کە لەو ماوەیەدا لە رێگای عەرەبییەوە هەوڵی خوێندنەوەی بەرهەمی سونبولەکانی ئەو رێبازەمان دەدا.

تا دەهات بۆ کورد ژیان قورسترو ناخۆشتر دەبوو، زەبروزەنگی رژێمی لەناوچوو زیادی دەکرد، ئێمەش وەکو توێژاڵێکی هەستیار، لە ئاست بارودۆخێکی وادا لە رێگای چیرۆکەکانمانەوەن لە پەنای وشەوە، بە رەمزو پەنابردن بۆ خەونو ئەفسانەو بە ئەفسانەکردنی واقیعو تێکەڵکردنی خەونو واقیعو تەوزیفکردنی حەکایەتو بەسەرهاتو رووداوی مێژوویی، کە هەمووی پەردەیەك بوون تا مەبەستی سەرەکیی چیرۆکەکە دیار نەبێ. چەندین چیرۆکم نووسی، (بەم چیرۆکانە توانیبێتم سەرکەوم تیایاندا یا نا نازانم)، هەوڵێك بووەو داومە، هەر ئەوەندەشم لە تواناد‌ا بووە، ویستوومە ئەوەی لە ناخو هزری تاکی کورددا پەنگی خواردبووەوە دەربیڕمو تا رادەیەکیش وەڵامی پرسیارە نهێنییەکان لە پاڵ وشەو رستەکاندا بە پێچو پەناو پەنابردنە بەر فێڵی تەکنیك بدەمەوە، ئەمە لە کۆمەڵە چیرۆکی (چاوەڕوان)و (بەردی سەبر)دا دیارە.

لە چیرۆکی (فڕینەکان)ەوە –کە لەگەڵ چەند چیرۆکێکی دیکەدا لەژێر ناوی فڕینەکان چاپکران– لە چیرۆکەکانی ناو ئەو کۆمەڵە چیرۆکەدا هەوڵی شتێکی دیکەم داوە تا لەگەڵ چیرۆکەکانی پێشووتردا جیاوازییەکیان هەبێ، پەنام بۆ هەندێ فۆڕمو تەکنیكو کەرەستەی دەربڕین بردووە، پێشتر بەکارم نەهێناون، یا زۆر کەم کە بە باشیو روونی دەرناکەون، بێگومان زمانیش وەکو شتێکی حەتمیو پێویست هەوڵم داوە –ئەوەندەی پێم کرابێت– دەربڕی ئەو هەولانەبێ، هەر نەبێ رەوانترو شەفافترو کوردی تر.. ئەو چیرۆکانەش کە لە دوای (فڕینەکان)ەوە نووسیومن، بەتەمام بەچاپیان بگەیێنم، زۆر کەڵکم لە مێژووی نزیکمان کردووە، کاتی باسکردنیان نەهاتووە جارێ..

***لە کۆمەڵە چیرۆکی چاوەڕوانیدا، کە من پێم وایە ئەم چیرۆکانەت بە بەراورد بەو قۆناغە، هەوڵێکی دیاربووە، لەم چیرۆکانەدا "شوێنو جوگرافیا"ی سروشت پێگەیەکی بەهێزیان هەیە، بەتایبەتی سروشتی گوندو لادێی گەرمەسێر، کە تا ڕادەیەک ئەمەی دواییان رەوتێکی باوی چیرۆکی کوردی بوو لەو قۆناغەدا، دەمەوێت ئەوە بزانم، کە چ پەیوەندییەک هەیە لەنێوان تۆو جوگرافیای چیرۆکەکانتدا، کە تا ڕادەیەکی زۆر لە ژینگەی خۆتەوە نزیکبوون؟**

–یەکێ لە کەموکوڕییەکانی چیرۆکی کوردی، تا کۆتایی حەفتاکانو دواتریشو زۆربەی چیرۆکەکانی ئەمڕۆشمان پشتگوێخستن و فەرامۆشکردنی شوێنو جێگای رووداوە، کەچی دیاریکردنیانو ناوهێنانیان مسداقییەتێك بە بەرهەمەکە دەدا، لە زۆربەی چیرۆکی کوردیدا سروشتیش وەك باکگراوندێکی بێ سوودو وەسفێك سادە بەکارهێنراوە.. تۆ بڕوانە زۆربەی نووسەرە بەناوبانگەکانی دنیا، جێگاو رێگای راستەقینەی رووداوەکانیان تۆمارکردووە، چێشتخانەو قاوەخانەو شەقامو باخچە ناویان بردوون، چێشتخانەو خانوو و ژووری ئوتێلیشیان فەرامۆش نەکردووە، کە زۆربەیان حەقیقەتو پەیوەندییەکیان بە رووداوەکانەوە هەیە، جوانترو راستگۆتری دەکات، لە رۆمانی (بەهاری رەش)دا کارێکی وام کردووە، سروشتم وەك باکگراوندێك بەکارنەهێناوە، لای من بەشێکن لە رووداو، تا پەیوەندیی بە کەسی چیرۆکەکەشەوە هەیەو لێی جیاناکرێتەوە، وام نەکردبا هەست بە نوقسانییەك

لە چیرۆکەکە دەکرێت. چیرۆکی (شایەتیی بەردێك) ئەگەر گرنگیم بە شوێنەکەو جوگرافییەکە نەدایە، کە شاری کەرکووکە، تاموچێژێکی ئەوتۆی نەدەدا، ئەو گرنگییەی نەدەماو چیرۆکەکەش مەبەستە سەرەکییەکەی ون دەبوو.

*** لە کۆمەڵە چیرۆکی "چاوەڕوانی"دا ئەو فۆرمەی کە تۆ چیرۆکی پێدەنووسیت جۆرێک لە تایبەتمەندیی تێدایە، بەتایبەتی لە رووی فۆرم و گێڕانەوەدا، ئەمە جگە لەوەی خوێنەر هەست دەکات روداو لەم چیرۆکانەدا زۆر کورتەو چیرۆکەکانیش هەموویان چیرۆکی زۆر کورتن، بەتایبەتیش لەم ساڵانەی دواییدا کۆمەڵە چیرۆکی "فرینەکان"ت بڵاوکردووەتەوە بەهەمان ستایل و فۆرم چیرۆکەکانت زۆر کورتن، ئەم شێوازی کورت نووسینە لە چیرۆکدا تایبەتمەندیی خۆتە یان چی؟**

—لێرەدا ئەوەمان مەبەست نییە، باس لە جیاوازییەکانی نێوان چیرۆکی کورت و رۆمان و چیرۆکی درێژو چیرۆکی یەکجار کورت بکەین، دەزانم، زۆریش لە بارەیانەوە وتراوە، بەڵام هەریەکەو تایبەتمەندێتیی خۆی هەیە، نە لە بەکارهێنانی جێگادا چوون یەکن، نە ئەو رووداوەی بۆ ئەمیان دەشێ بۆ ئەوی کەیان گونجاوە، نە زمانی رۆمان لە چیرۆك کورت و رۆژانە چیرۆکدا بەکار دەبرێ.. چیرۆکی کورت –گەرچی ئەوەندە وتراوە سواوە– واتە خەستکردن و چڕکردنەوەی ساتێك یا ماوەیەکی کورت، درێژدادڕی و زۆر وتن، درێژەدان بە زەمەن و رووداو لە کراسی خۆی دەردەچێ، ئەمە خەسڵەتە سەرەکییەکانی کورتە چیرۆکن، پێناسە نییە، چونکی تا هەنووکە پێناسەیەکی چەسپاوو نەگۆڕ نەك بۆ توخمی چیرۆك بۆ ئەدەب بە گشتی نەکراوە، توخمە ئەدەبییەکان ناخرێنە ناو چوارچێوەیەکەوە.. گرنگی و مەبەست لەوەدایە تۆ لەو دەقەدا، کورت بێ یا درێژ گەر توانیت بە زمانێکی تۆکمەو شایستەی بابەتەکە یا رووداوەکە بێت، بتوانی هەڵوەستەیەك بە خوێنەر بکەی، وریای بکەیتەوە، بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ سەری پێ بسوڕمێنی و بیخەیتە باری پرسیارو مەراق، بتوانی ئەو گۆمە مەنگەی خوێنەری تێکەوتووە بەردێکی تێفڕەدەی بۆ وشیارکردنەوەو بەئاگا هێنانەوەی، بتوانی بیخەیتە سەر شەقامی گومان، ئەو وێڵ و تەفرەدراوانە راستییەکانی لەبەردەست بنێی، ئەوەی بەدوایدا دەگەڕێ و نازانی چییە، گەر تۆ بە وشەیەك بە وێنەیەك بە دیمەنێك –کورت زۆر کورت– تەمی سەر خەیاڵ و دیدەی بڕەوێنیتەوە، دەستی بگری، زۆر راستگۆیانە پێی بڵێی تۆ بۆ ئەوەندە بێ خەبەری، ئەوەتا هەموو شتێك لە ناخی خۆتدایە، بەناخی خۆتدا رۆبچۆ، جا ئیتر با کورت بێ، ئاە.. بەڵێ با کورت بێ، ئەو چیرۆکە کورتە، کە توانای ئەوەی هەبێ یەکێ لەوانە ئەنجام بدات –تۆ بڵێ لەو چیرۆکە (کورت)انەدا توانیبێتم وا بکەم؟.. نازانم.. بەڵام من وام گەرەکبووە خودایە توانیبێتم..

ئەی خۆ زۆر چیرۆکی درێژ هەس، نەك هەر نەیتوانیوە ئەو مەبەستانە بپێکێت، خۆ بۆشت تەواو ناکرێ بیخوێنیتەوە!، ئەوەندەی توانیبێتم و لە دەستم هاتبێ و بۆمکرابێ بەو مەبەستە لەو (کورتە چیرۆکانە) جێگام کردۆتەوە، دواجار وەکو جەنابت دەڵێی، من لەگەڵ ئەوەدا نیم گوایە دەچنە خانەی چیرۆکی (زۆر کورت)ەوە، چیرۆکی زۆر کورت یان رۆژانە چیرۆك تەرزێکی کەیە، کەرەستەو زمانی تایبەتی خۆی هەیە، گەرچی چیرۆکێکی لەم تەرزە لەوانەیە کاریگەری و تاموچێژی چیرۆکێکی (درێژ) تێپەڕێنێ...

بەهەرحاڵ ئەو چیرۆکانەی بڵاومکردونەتەوە هەر بە پێوانە تەقلیدییەکەش ناچنە ناو خانەی چیرۆکی (زۆر کورتەوە) دواجار، ئێستا ئەو شەپۆلە نوێیانەی رۆمان ئەو قەبەکردن و درێژکردنەوەیان نەهێشتووە، لەبەر ئەوەی ئێستا خەریکە سنووری نێوان توخمە ئەدەبییەکان نەمێنێ ئەوا ئەو رۆمان کورت کردنەوەیە، ئەو چڕکردنەوەیە ئەوا نزیکبوونەوەی چیرۆکە لە شیعر، بەتایبەتی کاتێ چیرۆکێ ئەو ساتە کورتە چڕو خەستکراوانەی دەروون و هزر دەگرێ، کە کاری شیعرە.. رەنگیشە من خۆم حەزم لە فرەوێژی نەبێ، لە چیرۆکەکاندا رەنگی دابێتەوە!!.

لەم دنیا تیژڕەو و خێراو بەپەلەپەل و پەلەپروزییەی مرۆی ئەم سەردەمەدا، رۆژی ئینتەرنێت و دیجیتاڵ بڕواناکەم رۆمانە چەند بەرگییەکانی سەدەکانی لەمەوبەر بەو قەبەو درێژییە لەم رۆژگارانەدا دووبارە ببنەوە..

***لەو پێنج کۆمەڵە چیرۆکەی کە بڵاوت کردونەتەوە خوێنەر دوای خوێندنەوەیان هەست بە تایبەتمەندییەک دەکات، ئایا ئەو تایبەتمەندییە لە ئەنجامی ئەزموونی نووسینەوە پێی گەیشتوویت یان لەژێر کاریگەریی چیرۆکنووسێکی تردایت؟**

هەموو نووسەرێك رێز لە نووسین و هونەرەکەی خۆی بگرێت حەز دەکا خاوەنی دەنگ و رەنگی خۆی بێت، خۆی بدۆزێتەوەو لەژێر سێبەری کەسدا نەبێ و دەنگێ بێ لەناو دەنگەکانی تردا.. وتەیەك هەیە هیچ شتێك تازە نییەو ئەوەی تۆ وتوتە دووبارەکردنەوەی ئەو شتانەیە کە وتراون، بەڵام لە وتن و هەڵسوکەوتکردندا لە بەکارهێنانی زماندا لە روئیاو جیهانبینیندا دەبێ تایبەتمەندییەك هەبێ ئەگینا تۆ خۆت نیت.. فێربوون و خوێندنەوە، بەدەستهێنانی زانیاری خۆڕۆشنبیرکردن لە هەر لایەکەوە شتێکت لە بیروهۆش و لاوەعیدا کەڵەکە دەبێت، بێگومان بۆ پرۆسەی نووسین لەو ئەزموون و تاقیکردنەوانەدا کەڵك و سوود دەبینی، تۆ ئەو ئەزموونانە کتومت تاقی ناکەیتەوە، ئەو خەزێنەیە هی یەکێکی

دیار نییه. نووسەری راستەقینە حەز ناکات لەژێر سێبەری کەسێکی تردا بێت، گەر هەستی بەو حاڵەتە کرد ئەوا دەبێ هەوڵی خۆ قورتارکردن بداو دەنگی خۆی هەبێ، ئەم کارەش ئاسان نییە.. نووسەر دەبێ شەقڵی خۆی هەبێ، زمانی خۆی هەبێ، دیدوبۆچوونی خۆی هەبێ، جا گەر لەگەڵ یەکێکدا لە مانەی بە ڕێکەوت نزیك بوویتەوە ئاساییە، نموونەی ئەم حاڵەتەش گەر لەلای (بەکر یلدز) یا (یەشار کەمال) تەعامولێکی جوان لەگەڵ سروشتدا (هەر بۆ نموونە) کرابێ، منیش لە چیرۆکێکی خۆمدا بە زمانی خۆم و بۆ مەبەستێکی تر گرنگیم بە شوێن‌و سروشت دابێت، بە کاریگەریی دانانێم.. کوێرانە نەبووە، کە رستەکانی ئەوانم بەکارنەهێناوە.

لەکاتی نووسینیشدا ئەوانم لەبەر دیدو خەیاڵ نەبووە تا چیان کردبێت منیش وا بکەم، دنیا پڕە لەو چیرۆکنووسانەی شەپۆلی هۆش بەکاردێنن، خەون‌و ئەفسانە بەکاردێنن.. بەهۆی خوێندنەوەو لێوردبوونەوە فێری بوون‌و بەشێوەی خۆیان بەکاری دێنن.. بۆیە هەر نووسەرێکی باش، هەر بەرهەمێکی باش، بە جۆرێك لەجۆرەکان کاری لێکردووم‌و سوودم لێوەرگرتووە..

*ئەدەبیاتی تورکی ئەدەبیاتێکی بەرفراوانە، بەڵام تا ڕادەیەک خوێنەری ئێمە بێئاگایە لێی، ئەویش بەهۆی زمان‌و کێشەی وەرگێڕانەوە، تۆ ئاگادارییەکی باشت لە ئەدەبیاتی تورکیدا هەیە، گەر ئەم ئەدەبیاتە بەراورد بە ئەدەبیاتی عەرەبی‌و فارسی بکەیت لە چ ئاستێکدایە؟

—من فارسی نازانم، لە ڕێگای ئەو بەرهەمانەی کراون بە کوردی بەرهەمی ژمارەیان لە شاعیرو چیرۆکنووسانیانم خوێندۆتەوە، چەند بەرهەمێکی دیکەشیانم بە عەرەبی دیوە.. ئەم سێ میللەتە خودان کولتوورو شارستانی‌و مێژوویەکی دێرینن لەناو ئەدەبی هەر یەکێك لەو سێ میللەتە دەیان شاعیرو نووسەری گەورەیان تیا دەرکەوتووە، هەریەکەشیان خسوسییەتی تایبەتیی خۆیان هەیە، کارێکی نەکردە نییە هەروا بە ئاسانی زارەکی بەراوردیان بکەی، بەرهەمی باڵا و بەرز لای هەرسێکیان زۆرە، هەروەکو چۆن شاعیرو نووسەری ناودار لە ئەدەبی عەرەبیدا هەیە، بەم چەشنەش لە ئەدەبی فارسیدا ئەدیبی گەورەو ناوداریان زۆرە، کە لە جیهاندا ناسراون بەرهەمەکانیان بە زمانانی دیکە کراوە، تورکیش لە ئەوروپاوە نزیکە لە ڕێبازە فکری‌و ئەدەبییەکان لە ڕێگای وەرگێڕان‌و تێکەڵبوونیان، لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا هەر زوو بە تورکی دەکرێن، ئەمانیش ( نامیق کەمال‌و نازم حیکمەت‌و ئەحمەد عارف‌و یەشار کەمال‌و بەکر یلدزو سەباحەدین عەلی و ئورخان کەمال‌و ئورهان پاموك)یان هەیە..

*کۆمەڵێک بەرهەمی تورکیت وەرگێڕاوە، ئەوەی لای من زۆر جێگەی سەرنج بوون ئەوانەی یەشار کەمال بوون "مارەکەیان بکوشتایە، باڵندەکانیش کۆچیان کرد" وابزانم ئێستاش بەرهەمێکی تری بەشار کەمالت وەرگێڕاوەو ئامادەیە بۆ چاپ، من دەپرسم لە ئەدەبیاتی تورکیدا بۆ یەشار کەمال؟ ئایا ئەم هەڵبژاردنە باگراوندێکی نەتەوەیی هەیە.. یان پەیوەندیی بە قوڵی‌و گەورەیی ئەدەبی یەشار کەمال-ەوە؟

—بەر لە وەرگێڕانی بەرهەمەکانی یەشار کەمال، چوار شانۆیی (نازم حیکمەت)م وەرگێڕاوە، سیانیان کاتی خۆی لە گۆڤارە کوردییەکان بڵاوبوونەوە، ئەوی تریان وەکو کتێب چاپکراوە. گومانی تێدا نییە (یەشار کەمال) یەکێکە لە رۆماننووسە باشەکانی تورکیا، لەوەش دەرچووە بۆتە نووسەرێکی جیهانی، بەرهەمەکانی بۆ سویدی‌و نەرویجی، فەرەنسی، ئەڵمانی، ئینگلیزی‌و ئیتاڵیایی وەرگێڕاون.. بەرهەمەکانی کاریگەرییەکی زۆریان کردۆتە سەر ئەدەبی تورکی‌و وەرچەرخانێکی دیاری لە ئەدەبی تورکیدا بەرپاکرد. لە قاوغی دەمارگرژی‌و نەتەوەپەرستیی دەمارگیرانەوە رەهەندێکی جیهانی‌و مرۆڤانەی بە ئەدەبی تورکی بەخشی.. بەڵام ئەو لەژێر لێوەوەو بە شەرمەوە ئاشکراکردنەی کورد بوونی خۆیەی وایکردووە لە تورکیا تا ڕادەیەك پشتگوێ بخرێ‌و گوێی پێ نەدرێ، دوورخستنەوەی لە (نۆبڵ)یش غەدرێکی ترە.. جا بۆ من قوڵی‌و گەورەیی بەرهەمەکەی‌و نزیکبوونەوەو لە یەکچوونی غەم‌و ئازارو چەوساندنەوەی کەسەکانی لە تاکی کورد —رۆمانەکانیشی یا شاکەسەکەی یا چەند کەسێکی کوردن— بۆیە کە حەزم کردووە بەرهەمەکانی بە کوردی بکەم.. لەگەڵ ئەوەشدا بەرهەمی چەندین چیرۆکنووسی تورکم وەرگێڕاوەو بڵاومکردۆتەوە.

*جگە لە هەوڵی وەرگێڕانی بەرهەمی ئەدیبە تورکەکان، تا ئێستا چ هەوڵێکت داوە بۆ وەرگێڕانی بەرهەمی نووسەرە تورکمانەکان، ئەوانەی کە لەم وڵاتەداو لەگەڵ خۆماندا دەژین‌و کەمترین زانیاریمان لەسەریان هەیە؟

—بێجگە لە تورکمان، مەسیحیەکانیش لە کوردستان دەژین، بیانەوێ‌و نەیانەوێ چارەنووسیان لەگەڵ ئێمەدایە. بەڵام نە ئێمە نە خۆشیان هەوڵی ئەوەیان نەداوە کولتوورو ئەدەب‌و نەریتی خۆیانمان پێ بناسێنن، ئێمەش هەوڵێکی ڕێکوپێك و جددیمان نەداوە تا کارێکی وا بکەین، تا باشتر لە یەکتر نزیك ببینەوەو هەر نەبێت لە ڕێگای ئەدەبەوە دیالۆگ بکەوێتە نێوانمانەوە،، ئاوا ئێستا لە یەکتر دوورەپەرێز نەبین، دەبوایە دەسەڵاتی کوردستان، ناوەندو سەنتەرە ئەدەبییەکان هەوڵێکی ئاوایان بدایە.. وەزارەتی

رۆشنبیری لەجیاتی بانگهێشتکردنی (کچە) گۆرانیبێژێك خۆزگە کۆمەڵێ ئەدیبی تورکمانی لە کەرکوکەوە بانگ دەکردو سیمینارێکی بۆ رێکدەخستن..

من لەلای خۆمەوە لەم رووەوە چەند هەوڵێکم داوە:

گۆڤاری (باریش) کە بە تورکمانی‌و تورکی‌و عەرەبی لە هەولێر دەردەچێت هەر جارەو بەرهەمی شاعیرێکی کورد یا چیرۆکێکم بە تورکمانی یا تورکی بڵاوکردووتەوە، چەندین چیرۆکیشم لە ئەدەبی تورکمانییەوە وەرگێڕاوە.. برای شاعیر کاك دڵشاد عەبدوڵلا رووی لێنام (تەوەرێك) بۆ ئەدەبی تورکمانی کۆبکەمەوە.. منیش رووم لە چەند نووسەرێکی تورکمان ناوە، بەڵێنیان داوە لەم رووەوە هاوکاریم بکەن.

*وەك ئاگادارین یەکێکیت لەو کەسانەی بەردەوام پەیوەندیت لەگەڵ کتێبدا خۆشەو بەردەوام کتێبی نوێت پێدەگاتو دەیخوێنیتەوە، ئایا خوێندنەوەی ئەو کتێبە نوێیانە ئیحای نووسینت زیاتر پێدەبەخشن یان وەرگێڕان؟

—بێگومان دەبێت وابێت، ئەدەبی هەر میللەتێك تایبەتمەندیی خۆی هەیە، رەنگدانەوەی مێژوو و سروشتو بیرکردنەوەو هزرو ئاواتی کەسەکانی ئەو وڵاتەیەو لە رێگای زمانەوە دەردەبڕێت، ئەدەبی راستەقینەو رەسەن دەتوانێ میللەتێکت پێ بناسێنێت، رەوشتو نەریتو مێژوو و سروشتی ئەو میللەتەت لەبەر دەست بنێ، چونکی هەر یەکێك، هەر تاکێك مێژووی کەسایەتی خۆی‌و مێژوویەکی قووڵی دیکەی هەیە، کە بە وڵاتەکەیەوە بەندە، ئەدەبی ئەو میللەتە ئەم کارە دەخاتە سەر شانی خۆی، دەقێك کاتێك سنوورەکان دەبەزێنێتو دەبێتە موڵکی مرۆڤایەتی، کاتێك کە دەتوانێت کێشە ئەبەدییەکانی کەسانی وڵاتەکەی خۆی وا بە قووڵی کێشابێ‌و دەرخستبێ لە هەر کوێیەکی ئەم دنیایە شانازیی پێوە دەکرێ، بەڵام هەر بە ئەدەبی ئەو میللەتە دەژمێردرێ، کە ئەو بەرهەمەی بەرهەمهێناوە، بۆیە هەر میللەتێك ئەدەبی خۆی هەیە.

*هیچ رۆمانێکی کوردی هەیە، کە وەرگێڕ جورئەتی ئەوە بکات وەریبگێڕێت بۆ سەر زمانێکی تر؟

—با ئێمە هەست بە (دونیەت) نەکەین‌و خۆشمان بە بچووك نەزانین، کۆمەڵێ رۆمانی کوردی بەرهەمهێنراوە، بێگومان لە ئاستێکدا نین، هەریەکەو تواناو بەهرەیەك لە پشتیانەوەیە، لەو کۆمەڵە رۆمانە، هەیە شانازیی پێوەدەکرێ، هەندێکیش لە ئاستێکی مام ناوەندان، پەلە کردنیش بە هەندێکیانەوە دیارە.. ئێمە هەر بۆ خۆمان دەنووسین، راستتر بۆ ژمارەیەکی یەکجار کەم زۆر کەم لە دەرەوەی خۆمان ئاگای لێمانە، ئەم بەرتەسکییە نەك بۆ نووسەر بۆ ئەدەبەکەشمان بەربەستێکی خراپە، رێگای بەربڵاوی‌و گەشەسەندنی لێدەگرێت.. من حەز دەکەم وەرگێڕی دەستڕەنگین کۆمەڵێ لەو رۆمانانە بۆ زمانانی تر وەربگێڕن، دڵنیام بە زمانانی تریش خوێنەری دەبێت.. (شاری مۆسیقارە سپییەکان چیی کەمترە لە رۆمانەکانی دەوروبەرمان؟ با شێرزاد حەسەن و عەبدوڵلا سەراجو جەبار جەمال غەریبو حسێن عارف و سەلاح عومەرو حەمە رەشید فەتاح رۆمانیان نووسیوە، زۆر ئاساییەو جێگای خۆیەتی وەربگێڕدرێن (ناوو رۆمانی تریش هەیە بەم پەلەپەلە بیرم نەکەوێتەوە).. خۆزگە دەزگای سەردەم پرۆژەیەکی وای دەبوو بەم کارە ئەدەبی کوردییان هەر نەبێ بە دەوروبەرەکانی خۆمانی دەناساند.

**<u>بەرهەمەکانی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل:</u>**

| | | |
|---|---|---|
| —دارەکەی بەرماڵمان | کۆمەڵە چیرۆك. | |
| —دەستی ئۆخەی | کۆمەڵە چیرۆك. | |
| —ئەسپ | کۆمەڵە چیرۆك. | |
| —چاوەڕوانی | کورتە چیرۆك. | |
| —بەردی سەبر | کۆمەڵە چیرۆك. | |
| —فڕینەکان | کۆمەڵە چیرۆك. | |
| —یاخی بوونی ئافرەتان | شانۆنامە | نازم حیکمەت. |
| —باڵندەکانیش کۆچیان کرد | رۆمان | یەشار کەمال. |
| —مارەکەیان بکوشتایە | رۆمان | یەشارکەمال. |
| —گەمییەکەی نوح | گەشت | یەشار کەمال. |
| —دۆخ گۆڕینەکانی عایشە | یادەوەری | عەبدولوەهاب بەباتی. |
| —بەهاری رەش | رۆمان. | |